# فیستیڤاڵی هەژاری موکریانی لە ڕوانگەی شۆوێنیستەکانەوە

براهیم جەهانگیری

"فیستیوال هژار موکریانی دریچەای برای شناخت ناسیۆنالیسم کرد". نێوی وتارێکە کە بەڕێز "ئیرج فەرزاد" لە ئیسکرای ژمارە ١٣٦-١٥ی سەرماوەزی ١٨١دا چاپ و بلاوی کردۆتەوە. دیارە هەر کەسێ تەنیا پێشەکی و دەسپێکی نووسراوەکە بخوێنێتەوە بە ڕوونی بۆی دەردەکەوێ کە ئامانجی نووسەر نە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی هەژارە و نە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی کاری فیستیڤاڵەکەشە. بەڵکو مەبەستی نووسەر بردنە ژێر پرسیاری ناسیۆنالیستی کوردە کە بە شاهیدی مێژوو یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ناسیۆنالیسمە دژی ستەم و دژی دیکتاتۆری ئەو بووە. کاك ئیرەجی فەرزاد وەك هاو مەکتەب و هاو پۆلەکەی خۆی "کاك سولەیمانی قاسمیانی" کە ئەویش لە ژمارە ١٦ی گۆڤاری هانادا و لە وتارێکدا لەژێر نێوی "ناسیۆنالیسم و شاعیرەکانی-حاجی قادری کۆیی". ئەو شاعیرەی کردۆتە بیانویەك تا لەم ڕێگەوە هجوم بکاتە سەر حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد و بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی وەك یەکێك لە نموونەکانی ئەو ناسیۆنالیسمە بخاتە بەر هێرش. نووسەری وتاری "فیستیڤاڵی هەژار موکریانی......" کاك ئیرەجی فەرزادیش بەجۆرێ بە ناخی ئەندێشە بەر تەسکەکانی خۆیدا چۆتە خوارێ کە بە ئاشکرا سیمای چەند دەیەی لەمەو پێشی شۆوینیستەکانی حاکم بەسەر کوردستانی پێوە دیارە. نووسەر بۆچوون گەلێك دەردەبڕێ کە تەنانەت لەکاربەدەستەکانی هەردوو نیزامی پاشایەتی و ئیسلامی-یش نەدیتراوە و نەبیستراوە. مەسەلەیکی دیکەش کە نابێ هەروا بە ئاسانی بەسەریدا تێپەڕین، ئەوەیە کە ئەو بەڕێزانە بۆچی تا ئەو ڕادەیە نەفرەتیان لە ناسییۆنالیسمی کوردە؟.

دەزانین کە لە ئاسۆگەی هەزارەی سێهەم بەرە بەرە ڕوانگەگەلی بیر تەسك و ئیدئۆلۆژیەکان لەژێر هەر نێو و ناتۆرەیەکدا بن، ئیدی بە هێند ناگیرێن و خەڵکیش بە گشتی لەو هەلومەرجەی ئێستادا و بە تایبەتی بە بوونی ماهوارە و ئینتەرنێت ئاگاداری دنیا و دەوروبەری خۆیان هەن و دووراو دوور لەگەڵ نیزامە دیموکراتیکەکان ئاشنان و لەو پێوەندییەدا هەوڵێکی جیددیان بۆ ڕزگار بوون لە ئیستبداد و گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی دەست پێ کردووە. کوردەکانیش، وێڕای تەبلیغاتی بەربلاوی کۆمۆنیستە دوگم و سوونەتییەکان و وێڕای فشار و سەرکوت کردنیان لەلایەن دەوڵەتانی حاکمەوە، هەروا پشتیوان و یارویاوەری حیزبە میللییەکانن و ئەوان بە پشتیوان و پەناگەی ڕۆژانی سەختی خۆیان دەزانن. دیارە ئەو باوەڕ و متمانەیەش هەروا لە خت و خۆڕایی وەدەست نەهاتووە، خەڵکی بە چاوی خۆیان دیویانە کە حیزبە میللییەکان لە پێناو وەدەست هێنانی ئازادی و دیموکراسیدا لە هیچ چەشنە فیداکارییەك سڵیان نەکردۆتەوە و لەو ڕێگایەشدا بە کردەوە هەزاران قوربانیان داوە.

ئێستا با ئاوڕێك بدەینەوە سەر وتارەکەی ڕێزدار ئیرەجی فەرزاد و بزانین ئەو بەڕێزە دوای هێرشی ناڕەوا بۆ سەر سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چۆن باسی هەژاری کردووە.

"بەلاّم قارەمان سازی کەسایەتییەکی کە بە شاهیدی مێژووی سیاسی خۆی یانی هەژاری موکریانی، لە بنەڕەت دا لە خزمەت کۆنە پەرستیدا بووە و یەکێك بووە لەو کەسانەی کە داکۆکیان لە تەفرەقە و سازکردنی دووبەرەکی و چاندنی تۆوی ڕق و قینی نەتەوایەتی لەنێوان، کورد و عەجەم و تورکدا کردووە".

بەراستی مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنێ، هەژارێکی کورد، هەژارێکی بێ دەرەتان، بتوانێ لەنێوان نەتەوە بالاّ دەستەکاندا تۆوی ڕق و قین بچێنێ و دووبەرەکی بنێتەوە! نووسەر بێ ئەوەی ئاماژەیەك بە بەڵگەی پێویست بۆ ئەو بۆچوونەی خۆی بکا زۆر ڕاشکاوانە و بەنێوی نوێخوازی ئەو بیرۆکەیە بلاو دەکاتەوە! ئەو جۆرە بۆچوونانە جگە لە دیفاعی ڕاستەوخۆ لە ستەم و چەوسانەوە چی دیکەی پێ ناوترێ. ڕەت کردنەوەی هەژار و بۆچوونەکانی هەژار هەروا بە هاسانی و تاوان بار کردنی ئەو بە دووبەرەکی و چەند بەرەکی نانەوە و تەفرەقە، ئەویش لە ڕاست دوژمنانی هەژاردا یانی دیفاعی ڕاستەوخۆ لە ستەمکاران! هەڵکوتانە سەر هەژار بەم شێوە و

کوتانی ناسیۆنالیسمی بن دەست یانی دیفاعی ئاشکرا لە رەگەزپەرستی! چوونکە هەژار هی نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو و ستەم لێکراوە. ئەو بانگەوازی بەرخودان دەدا بە گوێی ئەو کەسانەی دەیانهەوێ هەژار و گەلی هەژار بنەبڕ بکەن. لەو بارەشەوە نموونە زۆرن و زۆرجار رەفتاری رژێمە دژ بە کوردەکانمان دیوە و دڵنیاشین، رێزدار فەرزادیش لەو نموونانە ئاگادارە.

هەژار هەرگیز و رۆژێ لە رۆژان جگە لە مافی رەوا و ئینسانی خۆی شتێکی تری نەوێستووە. "ئێمە بە خۆمان دەڵێین کورد ، لەبەر هەر حوکمێکدا دەژین، لەسەرمانە قروقپ بین و نەڵێین کوردین. ئەگەر پێیان فەرموویین چەرموون ئێژین "بەفری کەژین" ئەگەر گوتیان تاڵە جوانە، دەبێ بێژین "کلووی رەژین" دەبێ هەر یەکەی لەلایەك بلێین، ئارین، بەچکەی قەحتان و بزارین، تورکی کێوین".

ئەوە قسەی هەژاری کوردستانییە. ئەو هەژارەی ئیرەج فەرزاد پێی دەڵێ خزمەتگوزاری ئیرتیجاع! بەراستی چ تاوانێك لەوە گەورەتر کە کەسێك بە زمانی شاعیرانەوە هەستی ناسیۆنالیستی خۆی بەرامبەر بە ستەمکاران بێ ترس دەربڕێ و دیفاع لە پێناسەی نەتەویی خۆی بکا؟ لە روانگەی کاك ئیرەجی فەرزاد، قسە کردن لە ستەمکاران و لەقاودانی ئەو ستەمە و دەرخستنی نییەتی رەگەزپەرستان بۆ سڕینەوەی پێناسەی نەتەویی کوردەکان تاوانە؟! دەنا هەژار دژی نەتەوەی تورك و عەجەم نییە (وەك نووسەر دەڵێ) دووبەرەکی و چەند بەرەکیش نانێتەوە. هەر کاتێکیش کە باسی ستەمی فارس و تورك و عەرەب دەکات راست مەبەستی رەگەزپەرستەکانی حاکمە.

"رۆژی مەش دەردێ لە ناو هەورو تەمــا باوی فاشیستیو گەل خۆری نەمــا
کورد دەگەڵ فارسو تركو عارەبــــا سەربەخۆ دەبنو براو پشتو تەبــا
یادی بەخێر ئۆکتۆبەرو بە زۆردار وەستان جێژنە دەگرین لە چیای کوردستان" (١)

ئەوە یەکێکە لە نموونە شیعرییەکانی مامۆستا هەژاری نەمر کە نەتەنیا ئەو نەتەوانە بە دوژمن نازانێ بەڵکو رێزیان لێ دەگرێ و وەك یارویاوەر حەسێویان بۆ دەکا. بەڵام هەژار چ دەردێکی هەبووە و چ رەنجێکی دیوە؟ مەسەلەیەکە کە نووسەری رێزدار بڕای بڕای خۆیلێ نەداوە. هەژار لە ٥٠ ساڵ لەمەوبەرەوە و لە ساڵی ١٩٥٥دا و لە نامەیەکدا کە بۆ فیستیڤاڵی وەرشەو-ی ناردووە ئاوا دەردی خۆی بەیان دەکا:

"لاوانی دنیا پیاو چاکانی مــــەرد شەریفانی هەرد سافانی بێگەرد
زۆر میلیۆنن کورد لە ئاسیــــادا کۆنترین گەلان لە رووی دنیـادا
وەحشی ئیستیعمار لەسەریان زاڵە بڕیویە رێگەی هەناسەو ناڵــــە

---

زمانی زگماك مەنـــــع کــــــراوە دەرکی خوێندنمان لـێ داخراوە
دەرمان و دوکتور بۆتە ئەفســـتانە لێدانو قەمچی لە جێی دەرمانە" (٢)

ئایا ئەو داد و هاوارە ئەویش نزیك بە نیو سەدە لەمەوپێش هەڵگری کوێی گوناه و تاوانە؟ هەژار لەدەست چەوسانەوە و پێشێلکاری مافی مرۆڤ لەلایەن ستەمکارانەوە هاوار دەکا و پەنا بۆ خەڵکانی جیهان دەبا. هەژار نە تەنیا لەنێوان ئازادیخوازان و دوژمنانیدا جیاوازی دەبینێ بەڵکو تا ئەو جێگەیەی بۆی لوابێ،نەوجیاوازیانەی دەرخستووە. "بە هەزار تەڵەکە و کەڵەك دەگەڵ تازە رەنگ ئالێکی دەڵەمەی هێشتا کورد و کاڵ خۆم رێکخست و هەرچۆنێك بوو خۆم گەیاندە جەژنی لاوان لە بوخاریست، دەردی کوردم بۆ ئازادیخوازانی جیهان شی کردەوە، کیژە تورکێك دەسکێ گوڵی پێشکەش کردم و زۆر عوزر خوازی لێ کردم کە کورد لە وڵاتەکەی ئەودا بەرستەمە"

لە نێو گەلانی غەیرە کوردیشدا زۆرن ئەو کەوسانەی هاودەردی خۆیان لەگەڵ کوردان دەبڕیوە و لە خەباتی ڕەوای ئەوان پشتیوانیان کردووە. گرفتی سەرەکی نووسراوەکەی کاك ئیرەجی فەرزاد لەوەدایە کە ئاماژە کردن بە فیستیڤاڵی هەژار موکریانی تەنیا بیانوویەکە کە بۆ هێرش کردنە سەر حیزبە ناسیۆنالیستەکان و نووسراوەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە هەژار و بەرهەمەکانی هەژار نەداوە و نییەتی، هەرچەندە هەژار وەك شاعیر و نووسەر و وەرگێڕی بە توانا دەبێ لە دەلاقەیەکی ڕەخنەگرانەوە چاو لێ بکرێ و بێ شك ئەویش وەك هەر مرۆڤێکی دیکە بێ هەڵە نەبووە و نییە. بەڵام خزمەتی بەرچاوی مامۆستا هەژار بە تایبەتی لە بەستێنی زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا هەرگیز لەبەر چاوی خەڵکی کورد و ڕووناکبیرانی واقع بینی ئەو گەلە ون نابێ و لەبیر ناچێتەوە، تۆمەت و بوختانەکانی ئیرەجی فەرزادیش لە دژی شاعیرانی دەروەستی کورد بەهیچ کوێ ناگات و بگرە دەمامکی ڕووی ئەو کەسانەش لادەدا کە بەردی دیفاع لە ئازادی و عەداڵەتی کۆمەلاێەتی لە سینگ دەدەن، چوونکە نووسەری بەڕێز ئەوەندی بۆرژوازی نەتەوەی چەوساوە دەکوتێ نیو ئەوەندەش بۆرژوازی نەتەوەی فەرمانڕەوا و چەوسێنەر ناخاتە بەر پەلامار. بڵاو کردنەوەی ئەو جۆرە بیرۆکانە تا ڕادەیەك پاساو هێنانەوەیە بۆ کوشتاری دڕندانەی گەلی کورد لەلایەن ڕژێمەکانی حاکم بەسەر کوردستاندا. مرۆڤ بە خوێندنەوەی وتارەکە هەست بە تاوانبار بوونی نەتەوەی ژێردەستە و چەوساوەی کورد دەکا. چوونکە وەك نووسەر دەڵێ ئەوە ناسیۆنالیسمی کورد و شاعیرەکانییەتی کە بووەتە هۆی چەند بەرەکی نانەوە لەنێوان نەتەوەکانی فارس و عەرەب و تورك دەنا خودا هەڵناگرێ ناسیۆنالیسمەکەی ئەوان چ عەیبی نییە!.

لەبارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ بڵێم، بە شاهیدی دۆست و دوژمن ئەو حیزبە لە ماوەی ٥٧ ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێ وچانیدا و بە پێشکەش کردنی هەزاران شەهیدی سوور خەلاڵت، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان شەیپوری شەڕی لێ نەداوە و لە هیچ قۆناخێك دا دەست پێشخەری شەڕی ماڵوێرانکەر نەبووە، شەڕهەلاێسێنەران هەمیشە بیرمەندان و هاوبیرانی کاك ئیرەجی فەرزاد بوون کە هەر چەشنە داوایەکی ڕەوا و بەرحەقی نەتەوەی کوردیان وەك جیاوازی خوازی و کوفر داناوە و یان بەجۆرێك ویستی بۆرژوازیان زانیوە و خەبات لەڕێگای وەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی بە پێچەوانەی بەڵێنە تەبلیغاتتیەکانیان (مافی چارەی خۆنووسین) بە خەباتێکی دواکەوتوو زانیوە.

ئێستا بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بووە کە خەبات لە ڕیگای وەدەست هێنانی دێموکڕاسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دا، خەباتێکی ڕەواو دیموکراتیکەو زۆر ڕوناکبیری غەیرە کوردیش (جگە لە شوفیستەکان) بەو ئاکامە گەیشتوون کە خودموختاری یانی دان نان بە مافی نەتەوایەتی، خودموختاری یانی بوون بە هاولاتی دەرەجە یەك، خودموختاری یانی وەك هەر هاولاتییەکی دیکە بەماف بەرابەرگەیشتن و لە ئاکامدا خودموختاری یانی وەك هاولاتی ناوەند نیشین بە زمانی زگماك خوێندن و نووسین و ئیدارەکردنی شارو ناوچە بەدەست مودیرانی خۆجێیی.

مامۆستا هەژاریش هەر هەولێکی ئاوای داوەو خۆشی لە پێشەکی "بۆ کوردستان" دەڵێ:

" هەر کۆمەڵێك بەدەم یا بەجیرەی قەڵم بیوتایە بیری ئازادیم لایە، دەچوومە لای" ڕاستی ئەم بۆچونەشمان لە لاپەڕەی نوسینەکانی مامۆستاڕا بۆ دەردەکەوێ، ڕۆژێك داکۆکی لە کۆمۆنیستەکان کردووەو لە بیرەوەری یەکەمی ئایاردا وەها شیعرێکی هۆنیوەتەوە کە ڕەنگە شاعیرانی هاوبیری کاك ئیرەجی فەرزادیش توانای وتنی شیعری ئاوایان نەبووبێ. مامۆستا هەژار ئەم شیعرانەی زەمانێك ووتوە کە پێی وابووە یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو لە خەباتی گەلی کورد پشتیوانی دەکا! بەلاّم کاتێ بۆی دەرکەوتووە کە یەکییەتی سۆڤییەتی و ئیدئۆلۆژی کۆمۆنیستی هیچ دەردێکی کوردان دەرمان ناکا، وازی لەو ئیدۆلۆژیە هێناوەو تەنیا بەو هۆیەش توانییویەتی دەست لەو باوەڕە هەڵگرێ، چونکە هەژار کەسێك بووە کە بیری خۆی لە چوارچێوەی تەنگ وبەرتەسکی ئیدئۆلۆژیك دا زیندانی نەکردووە. ئەو کارەی کە زۆربەی کۆمۆنیستەکانی دونیا یەك لەوان کوردەکانیش سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشتن. نوسەری وتارەکە پاشان لە پەیوەندی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق، مەسەلەی شەهید بوونی کاك سلێمان موعینی دێنێتە بەرباس و دەپرسێبە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییەی کە سولەیمان موعینیلەلایەن حزبی دیموکراتی عێراقەوە شەهید کراوە بۆچی

هەیئەتی حزبی دیموکرات لەو ڤیستیڤاڵەدا بەشداری کردووە؟لە پشت ئەم پرسیارە بە ڕواڵەت دۆستانەییەدا نیەتێکی گوماناوی خۆی مەڵاس داوە، بەڕێز فەرزاد بەو پرسیارە بە ڕواڵەت دۆستانەیەدا هەوڵ دەدا کە نێوانی دوو حزبی کوردستانی تێك بداو لەوانی دەوێ کە لە جیاتی پێوەندی دۆستانەو هاوفکری نێوانیان، لەسەر بنەما فیکرییە سوننەتییەکان، ڕق هەڵسان و تۆڵە کردنەوە، لەگەڵ یەکدا هەڵس وکەوت بکەن و کورد گوتەنی کای کۆن بە با بکەن و برینان تازە بکەنەوەو بکەونە خوێنڕشتنی یەکتری. لێرەدا نووسەر ئەو ڕۆڵەی کە وەك دووبەرەکی نانەوە دەیداتە پاڵ هەژار بە ڕاشکاوی و ئاشکرا خۆی بەدەستییەوە دەگرێ. نووسەر ئاگای لەوە نییە کە حزبە کوردستانییەکان بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو و لەبەرچاو گرتنی زەرەرو زیانەکانی شەڕی براکوژی وشیارتر لەوەن کە فریوی ئەم جۆرە قسانە بخۆن.

جگە لەمە نووسەر لەچەند جێگایەك مامۆستا هەژار وەك شاعیری دژ بەژن و و عەشیرەتیو کۆنەپەرست دەناسێنێ، بێ ئەوەی هیچ سەرنجێك بدات کە هەژار خۆی شاعیرێکە لە کۆمەڵگای دواکەوتوو و دژ بە ژنی کوردەواری هەڵقولاوە، هەر بۆیە ئەگەر هەژار دژ بە ژنیش بوبێ زۆر جێگەی سەرسوڕمان نییە! بەڵام با هەر لەو پەیوەندیەدا چاوێك بە شێعری کەرستەی ژن دابخشێنین کە یەکێك لە شیعرەکانی مامۆستا هەژارە.

خوای گەورە جارێك سەردەمی بەهار — لە کارگەی ژیان دەستی کرد بە کار
لە کۆتر قنەو خەتو خاڵ لەکـــــەو — سرتــە لە شنەو هێمنی لە شەو
لە باڵداری چوك نەرمی پەڕی مـــل — گمین لە کۆتر ئاواز لە بولبول
هاڕە لە تاڤگەو ناڵە لـــە بلویـــر — ترسی کەرویشكو ئازایەتیی شێر
ئاونگ لە بەیان ئاوڕی ئاسکی سـڵ — گرژی لە خونچەو پێکەنین لە گوڵ
لە کارمامز باز لە باز تیژی چنـگ — فیز لە تاوسو جوانی لە پڕشنگ
بارین لــە هەورو لە بـــا وازوازی — لە ڕێوی و مەیمون فێڵ بازیو بازی
مەندی لـــە زەویو ڕەوانی ئـــاو — ڕەشی لە شەوەو ڕووناکی لە تاو
تاڵی لە کەکـــرەو تامو‌بۆی هەنگوێن — لە بەفر سەردیو لە جەهەننەم تین
ڕەقی لە ئەڵماس تورتی لە پەنـــــیر — لە لافاو لێڵیو بێ‌گەردی لە شیر
هێنایو شێلای لێکیدان تـــــەواو — کردی بە ژنێك بۆ ئاودەنگی پیاو (٤)

ئەوە ڕوانگەی هەژاری کوردستانییە لەبارەی ژنانەوە کە ڕنگە لە هەندێ شوێندا جێگەی باس بێ بەڵام بەگشتی شیعرێکی جوان و ڕازاوەیە و پڕ لە وشەی ڕەنگین و ناسکی کوردییە، هەژار لەو شیعرەدا ژنی وەك مرۆڤێك ناساندووە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو وەسف و تاریفانە لەپیاوانیش دا هەنبەلام با تیرە دا ئاوڕێك لە شیبعری لایە لایەی مامۆستا بدەینەوە بەڵکو هۆی ڕق و بێزاری ڕەگەز پەرستانمان لە مامۆستا هەژارمان بۆ دەرکەوێ.

قەڵەم دەس دەیە ببە مەکتەبــــــــــی — وەختو بێ‌وەخت لە خوێندن نەبی
ئەو کاتـــــەی دەگەڵ کاکت دوو بەدوو — بکەن هاواری حەقی لەدەست چوو
دەست دەنە دەست یەك بە ڕاوو تەکبیر — یەکتان بە قەڵەم یەکتان بە شمشێر
هەی لایـــــە لایــــە ڕۆڵـــە لای لایـــە — شیریش جەوهەری لە قەڵەم دایە (٥)

www.kurdistannet.org
10-1-2003 11:51

هەژار لێرەدا باس لە هەژار بوونی فەرهەنگی کوردەکان دەکات و دەڵێت کە بەرەنگاری و دیفاع بێ ئەوەی خاوەن عیلم و زانست بین کارساز نییە! چونکە بڕشتی شیریش هەر لە عیلم و زانستەوە هاتوە. هەر بۆیە پێشنیار دەکا کە منداڵان دەفتەرو قەڵەم هەڵبگرن و ڕێگەی قوتابخانە بگرنە بەر چونکە هۆی دواکەوتوویی کوردەکان و بوونی دەسەڵات بێ ئەم لاو ئەولای حکومەتەکان بەسەریاندا تەنیا لەپاشکەوتوویی فەرهەنگی کوردەکان دایە. هەر ئەو ڕوانگە وشیارو بە ئاگایەی هەژارە کە شۆفینیستەکان دەچنە خانەی هەژارو دوژمنییەوە.

نووسەر لەچەند جێگەیەکدا هەژار وەك شاعیری کۆنەپەرست نێو دەباو دەڵێ "هەژاری موکریانی لە بنەڕەت ڕا لە خزمەت کۆنەپەرستی دا بووە وە یەکێکە لەو کەسانەی کە بۆتە هۆی دوو بەرەکی و چەند بەرەکی نانەوە لە نێوان کوردو فارس و عەرەب و تورکدا" بەڕاستی ئەو ڕەگەز پەرستانەی کە تا ئێستا کوردیان بە توندترین شێوە سەرکوت کردووەو کوردستان و خەڵکی کوردیان تەنیا بۆ بۆرژوازی توجاری حاکم وەك بازاڕێك بۆ خورد کردنەوەی کاڵا بازرگانییەکانی خۆیان ویستووە، هەرگیز ئاوا بێ ترس و دڵەڕاوکێ هەڵیان کوتاوەتە سەر کوردان!

جا ئێستا کاك ئیرەج فەرزاد بۆچی ئاوا بەرامبەر هەژار دەدوێ و بیری هەژار بۆچی بە بیرێکی شەرهەڵایسێنەرانە دەزانێ جێی پرسیارە. هەر بۆیە لەم بارەوە ڕوناکبیرانی کورد حەقیانە لە کاك ئیرەج بپرسن، لە قاموسی کام مرۆڤێکی شۆڕشگێرو کام بیرو ئەندێشەی عەداڵەت خوازانە دا، خۆڕاگری و بەرەنگار بوونەوەو دیفاع کردن لە ماڵ و ژیانی خۆ گوناهێکی هێندە گەورەو نەبەخشراوە؟ هەژارو بەرهەم و بیری هەژار دەبێ لە کات و شوێنی خۆیدا هەڵبسەنگێنرێ. منیش بە نۆرەی خۆم هەموو بیرو بۆچونەکانی هەژارم لا پەسند نییەو دڵنیاشم کە زۆربەی لایەنگرانی هەژاریش هەموو ئەو شتانەی کە هەژار گوتوونی بێئەملاو ئەو لا قبوڵیان نییە. هەژارو بیری هەژار بەرامبەر بە ژن و مەسەلە جۆراوجۆرەکانی دیکە، دەبێ لە دەلاقەیەکی "واقیع بینانەوە" سەیر بکرێ، با جارێکیش بیر لەوە بکەینەوەو ئەم پرسیارەش لە خۆمان بکەین کە هەژار بۆچی ئاوا بیری کردوەتەوە؟

بەڵام دۆستی بەڕێز لە سەرەتای هەزارەی سێیەم و لە دنیای ئەمڕۆدا باشتر وایە لەو خەوە ڕاچڵەکێین و ڕاستییەکان ئەگەرچی تاڵیش بن، ئەو جۆرەی کە هەن ئاوا بیان بینین. ئێوەی بەڕێزیش باش دەزانن زۆربەی ئیتورییی فەلسەفی و کۆمەلایەتییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە و ناڕاستی هێندێك لەوان ساڵانێکی دوورو درێژە سەلمێنراوە. لەو حاڵەتەدا نابێ بەپێی ئیتورییە سونەتییەکان بیرو بۆچونەکانمان بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنین. گەورە پیاوانی ئەندێشەی مارکسیسم_ یش هەموو کات بابەت و ڕووداوەکانیان بەپێی هەلومەرجی زەینی و عەینی هەڵسەنگاندووە.

بەڕێزم! وتارەکەی جەنابیشت ڕاست لە یەك دەلاقەوە سەبر کراوە و ئەو دەلاقەیەش ڕوانگەی تەسکی کۆمۆنیستی کارگەرییە؟! وا دیارە ئێوەش وەك هەموو حزبە کۆمۆنیستییە سونەتییەکان ئەوەی لە بازنەی تەسکی ئیدۆلۆژیتان دا جێ نەگرێ، بەڕەسمی نایناسن و ئەو بۆچوونەش یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دیارو ئاشکرای ئیدۆلۆژی و یەکێك لە تەوەرەکانی بنەڕەتی مەکتەبەکانە. جا گرنگ نییە ئەو مەکتەبە تالبانیئەفغانستان بێ یا حزبی کۆمۆنیستی کارگەری. ئەوە لە حاڵێکدایە کە خەڵکی دنیا ئەمڕۆکە بەکردەوە ئەم جۆرە بیرکردنەوانەیان ڕەت کردۆتەوە و بە دڵنیاییەوە ئەو ئەندێشە بەرتەسك و چوارچێوە، دارانە لەبەرامبەر ئەندێشە دیموکراتییەکان دا تازە پشت ڕاست ناکەنەوە

١-٢-٣-٤-٥ بۆ کوردستان_ل ١٤٦ – ٥٢ – ١١ – ٤٢٧ – (٥٢٠ – ٥١٩)